


**هێمن مەحمود**

نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم، هەمیشە کێشەم ئەوەبووە لە سەرەتاکاندا تێدەکەوم، لەدڵی خۆمدا هەموو شتەکان ئامادە دەکەم، بەڵام کە دەگەمە سەرەتا هەموو شتەکانم بیردەچێتەوە و چەند قسەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ دەکەم.

ساڵانێکی درێژ عاشقی کچێك بووم، شەوەهای شەو کتێبم بۆ دەخوێندەوە و شیعرم بۆ لەبەردەکرد، هەموو گۆرانییەکانی کامکارەکانم لەبەر بوو.

هەموو رۆژێك لەدڵی خۆمدا هەموو ئەو وشانەم دەوتەوە کە دەبوو لەساتێك لەساتەکاندا پێی بڵێم، هەموویم لەبەر بوو، تەنانەت ئەو زەردەخەنانەش کە دەبوو لەکاتی قسەکردندا لەسەر لێوم بێت.

دەبوو پێی بڵێم خۆشم دەوێیت، پێی بڵێم دەزانی چەندێکە من چاوەڕوانی تۆم، چەندێکە سەیرت دەکەم، دەزانی لە تۆ جوانترم نەدیوە.

هاوڕێیەکی منداڵیم هەبوو هەمیشە پێکەوەبووین، نیوەڕوان هەموو خەڵکی دەخەوتن و ئێمەش لە سێبەری ئەو دارتووە تەنیایەدا دادەنیشتین کە لە حەوشەکەماندا بوو.

تەنانەت کە دەچووین بۆ بازاڕ پێکەوە دەستمان دەکردە ملی یەك و بەسەروو فانیلەی خەت خەتەوە لە بەردەمی ئەو دوکانانەدا رادەوەستاین کە خاوەنەکانیان بەتوڕەییەوە دەریاندەکردین.

ئەو نیوەڕۆیەش باوکی لە داخی ژنەکەی (کە خەڵکی گەڕەک بەچرپەوە دەیانوت ژنێکی خراپە، بەڵام لەگەڵ ئێمەدا هەمیشە میهرەبان بوو، هەمیشەش جیاواز لە ژنەکانی دیکەی گەڕەک بۆنی عەترێکی خۆشی لێدەهات) ئۆتۆمبیلێکی هێنا و هەموو ماڵەکەی تێکرد و ڕۆیشتن.

من خەوتبووم، خوشکە گەورەکەم بەچاوێکی خەواڵووەوە وتی هەستە ماڵی سیامەند باردەکەن.

بەخێرایی خۆم گەیاندە کۆڵان، هەموو شتێك بارکرابوو، باوکی سیامەند بەگرژییەکەوە لە دواوەی ئۆتۆمبیلەکە وەستابوو دەیوت هیچی ترتان بیرنەچووە، دایکی سیامەندیش کە ئەو میهرەبانییەی جاران و جلە کەشخەکانی بەری و بۆنی عەترەکانی ونکردبوو بەبێزارییەکەوە وتی نا.

لەپڕ دامە گریان، بەدوای ئۆتۆمبیلەکەیان کەوتم، سیامەند لەسەر کەلوپەلەکانی ناو ئۆتۆمبیلەکە بە کزییەکەوە دەستێکی بۆ راوەشاندم و لەبەرچاوم ونبوو.

باوکم تێکەڵەیەکی سەیربوو لە رق و خۆشەویستی، یەکێك بوو لە پیاوە کوردییانەی بمردایە بەمنداڵێکی خۆی نەدەوت خۆشم دەوێیت.

ماچی دەکردین و دەیگرتینە باوەش، لە بازاڕ جلی جوانی بۆ دەکڕین و خواردنی خۆشی بۆ دەهێنایەنەوە، بەڵام هەرگیز پێی نەدەوتین خۆشم دەوێن.

دڵڕەقییەکی سەیریشی هەبوو، هەرلەخۆیەوە چەندان رۆژ قسەی نەدەکرد لەگەڵماندا و لە ماڵەوە بە بێدەنگی و زۆرجاریش بەشەڕ کاتەکانی بەڕێدەکرد.

دەزانی هەستدەکەم دەمارێکی باوکم لە خوێنی منیشدایە، خۆم هەستی پێدەکەم هیوادارم تۆش هەستی پێبکەیت و تیاما نەهێڵیت.

لەخۆمەوە هەندێ جار تاقەتم نییە تەنانەت بیریش بکەمەوە، چەندین کاتژمێر بەتانییەك دەدەم بەسەر خۆمدا و قسە ناکەم.

هەندێ جار کەسانێکم هێندە خۆشدەوێت حەزدەکەم هەمیشە لە نزیکیانەوە بم و بۆنیان پێوەبکەم.

ساڵانێك زووتر کچێکی هاوڕێم هەبوو کە زۆربەی کاتەکان پێکەوە قسەمان لەسەر خوی پیاو و ژن دەکرد، دەیوت تۆ بۆیە هەمیشە نیگەرانی، دەتەوێت خۆشەویستییەکی ئەفسانەییت دەستکەوێت و کەسی بەرامبەرت هەرگیزاو هەرگیز هەڵە نەکات.

ئاخر من خۆشم هەمیشە هەڵەم دەکرد و دواتریش پەشیمان دەبوومەوە، کەچی لە هەڵەی کەس خۆش نەدەبووم.

برادەرێکی نووسەرم هەیە کە حەزدەکات هەمیشە نیگەرانی و خەیاڵەکانی ئینسان بە دیاردە ئابوورییەکانەوە ببەستێتەوە پێم دەڵێت، مرۆڤی سەردەمی جیهانگەرایی هەمیشە نیگەرانە و نازانێت داوای چیدەکات.

ئەو کە لە چایخانەکاندا هەمیشە ئەم قسە زلانە دووبارەدەکاتەوە، ئێوارەیەکی هاوین منی لەناو حەشاماتی بازاڕەکەدا گرت و وتی: بیر لە هیچ شتێك مەکەرەوە شتێك نییە شایانی بیرکردنەوە بێت، سەردەمی ئێمە سەردەمی بیرکردنەوە نییە، سەردەمی ئەوەیە چەند وشەیەکی زل زل بزانین و دووبارە و سەدبارەو هەزار بارەی بکەینەوەو لەگەڵ هەموو مەسەلەیەکدا بیگونجێنین.

دواتر وەك ئەوەی خەیاڵێکی تیژ بەدڵیدا بچەقێت بەغەمگینییەکەوە وتی، دەزانی منیش زۆر نیگەرانم و نازانم چۆن دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە.

ئازیزی من .. دڵکردنەوە رەنگە من نەتوانم ئێستا بەئاسانی تۆ تێبگەیەنم و دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە، بەڵام دڵنیام رۆژێك دێت تۆ لەم دڵکردنەوەی من تێدەگەیت.

من نەمزانی چۆن دەستپێبکەم، کە ئەو ساتەش هاتە پێشەوە بەو کچە بڵێم کە بۆی دەمردم، هات نەمزانی چۆن دڵی خۆمی بۆ بکەمەوەو و چەند قسەیەکی هەلەق و مەلەقم کرد و بۆ هەتایە رۆیشت.

ئەو نیوەڕۆیەش کە سیامەندی هاورێم بە غەمگینی دەستی بۆ بەرزکردمەوە نەمزانی دەستێکی بۆ بەرزکەمەوە و تێیبگەیەنم کە خۆشم دەوێ و بۆ ئەبەد نایبینمەوە.

باوکیشم کە تێکەڵەیەکی سەیربوو لە خۆشەویستی و رق، هەرگیز نەمتوانی نهێنییەکانی دڵی خۆمی بۆ ئاشکرابکەم و بەدەنگی بەرز پێی بڵێم خۆشم دەوێیت باوکە گیان سەرەڕای هەموو رەقییەکانت، دەزانم تۆش وەك من نەخۆشی، تۆش وەك من هەست بە تەنیایی دەکەیت. تاوەکو بەیانییەکی زستان بۆ دواجار چاوی لێکنا.

ئازیزی من... کە ئێستا هەموو ئەم شتە بێ سەروبەرانەم بۆ وتی هیوادارم لێم بگەیت، حەزناکەم دڵتەنگ بیت کە لەگەڵ پیاوێکی تەنها و بێکەسدا قسە دەکەیت لە شێت دەچیت.

حەزناکەم وەها سەیرم بکەیت کە ئیدی من تارماییەکم و هەر کە لەم ئۆتۆمبیلە دابەزین لەبیرت دەچمەوە.

دەزانی ئەمە یەکەمجارمە ئاوەها لەگەڵ کچێکدا دەدوێم، یەکەمجارمە ناترسم و سەرەتایەکی باشم هەبووە، پێمەکەنە، بەجدیمە، یەکەمجارمە توانیومە دڵی خۆم بکەمەوە.

حەزم لە جانتاکەی دەستتە، جانتایەکی گەورەیە، هاورێیەکم هەبوو جانتایەکی وەهای هەبوو، هەمیشە کە دەیهێنا بۆ کولیژ لەنێوان من و خۆیدا دایدەنا، بەپێکەنینێکەوە دەیوت با ئەو جانتایە سنووری هەردوولامان بێت و دوایی بە باوکم، یاخود براکەم نەڵێن شانی داوە بەشانی کوڕێکەوە.

منیش بە ئەنقەست هەندێ جار قەڵەمەکەم دەخستە سنووری ئەوەوە، بۆ ئەوەی هەڵیبگرمەوە خۆم دادەنەواندەوە تەنها بۆ ئەوەی بۆنی عەترەکەی بکەم کە بەو بەیانیە زووانەی ناو کولیژ بۆنێکی ئەفسوونایی هەبوو.

باوەڕم پێناکەی لە کولیژ خوێندبێتم، هەقی خۆتە، سەیرم دەکەی ڕێبوارێك کە سەروچاوی زەمەن پیرێتیی لێ دەنوێنێ و لەناو پاسێکدایە، کێ باوەڕدەکات کولیژی تەواوکردبێت.

ئازیزی من ... ئێمە چەند کاتژمێرێکی خۆشمان بەڕێکرد لەناو ئەم پاسە کۆنەدا، من هەمیشە رقم لە سەفەرە، ئەو کاتانەشی کە بەم ڕێگا دوورەدا هاتوچۆم دەکرد سەرم دەنا بەجامەکەوەو تادەگەشتین بیرم دەکردەوە، لێم مەپرسە بیرم لەچی دەکردەوە، چونکە بەسەدەها سەفەری دیکەی وەها حیکایەتم تەواونابێت.

بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە کچێکی وەك تۆ هاوسەفەرم نەبوو، هەموو ئەو کچانەشی دەهاتنە پاسەکەوە نەدەهاتنە تەنیشت منەوە، چونکە پێیان عەیب بوو لەپاڵ کوڕێکدا دانیشن.

هەندێ جار زستان کە بەم ڕێگایەدا دەهاتمەوە بارانێکی بەخوڕ دەباری و هەندێ جاریش دەیکرد بەتەرزە، دەزانی ساڵانێکە باران و تەرزەی لەو چەشنە نەباریوە، لە جامەکەوە هەزارەها دەنك بارانم دەژمارد و هەرگیز کۆتاییان نەدەهات تا تاقەتم نەدەما.

هەمووجار رقم لە سەفەر بووە، ئەو شەوەی سەفەرێکم هەبوو تاوەکو بەیانی خەوم لێنەدەکەوت، جارێکیان دەمویست بۆ لای دایکم بگەڕێمەوە، شەوەکەی تا رۆژبووەوە نەخەوتم، کەچی دواتر چەند چرکەیەك خەو زەفەری پێهێنام و هەموو ئەو ساتانەم بینی کە چۆن دەچمەوە بۆلای دایکم و چۆنیش باوەشم پیادەکات، بۆیە ساتەکانی رۆشتنەوەم دەزانی.

ئازیزی من... زۆرمان نەماوە بگەین، حەزم لە پێکەنینەکەتە، حەزم لە ناسکییکەتە کە هەمیشە بە مەکرێکەوە دەڵێیت سەرەتایەکی خۆشە، سەریحییەکی سەیرە.

جانتاکەت لەنێوانما هەڵگرە، کەس لە تۆ نزیکتر نییە لە من، تا ئێستا کەس وەك تۆ لە دڵم تێنەگەیشتووە، حەزمدەکرد ساڵانێك زووتر یەکتریمان بناسیبایە، ساڵانێك زووتر پێکەوە لەم پاسەدا بووینایە، ساڵانێك زووتریش پێکەوە لەکولیژ بووینایە.

پشتت داوە بەجامی ئۆتۆمبیلەکەدا و سەیری من دەکەیت، چەند حەزم لە سەیرکردنەکانتە، حەزم لەو تاڵانەی قژتە، هەندێ جار بایەکی کز دەیانجوڵێنێت.

دەزانی دڵم زۆر تەنگە بۆیە ئەم هەموو قسانەم بۆ کردیت، دڵم پڕبووە و ساڵانێکە هیچ هاوڕێیەکم نەماوە گوێم بۆ بگرێت.

سەیری چاوانت دەکەم، خودا دەڵێی بۆ ئەوەی سواری ئەم پاسەی کردوویت تا ئەم بەردە گەورە لەسەر دڵم لاببات، تا ئەم شاخە سەختە لەبنەوە هەڵتەکێنێت کە ساڵانێکە لەسەر دڵم دروستبووە.

پێم دەڵێیت ئێستا بۆ کوێ دەچیت؟

چیت پێ بڵێم ، خۆشم نازانم، رەنگە بەدوای بیرەوەرییەکانما هاتبم رەنگیشە هیچ...

دەڵێیت ژن و منداڵت هەیە؟ نا گوڵی من، ژنی چی، کچێك نەبووە لە من بگات، کچێك نەبووە تاقەتی ئەم قسە قۆڕانەی هەبێت کە ئێستا بۆتی دەکەم و گوێم لێ بگرێ، چ کچێك تاقەتی بیرکردنەوە و تێڕامانی هەبێت تاوەکو من بیهێنم.

ئازیزی من.. ئەوە گەیشتین، بمبوورە لە هەندێك وشە، لە هەندێك دەربڕین کە بۆ من نەدەشیا لە بەرامبەر کچێکی غەریبەدا دەریبڕم، شەرمدەکەم لێت کە لە سنووری خۆم دەرچووم، ئاخر ئەو کچەی کە هەمیشە جانتاکەی لەنێوانماندا دادەنا رۆژێك هات و وتی ئیتر تەواو، هیچ جانتایەك نەما لەنێوان من و تۆدا، قسەکانی دڵت بکە. منیش سەیرێکی چاوەکانیم کرد، کە کتومت دەڵێی چاوەکانی تۆیە و تێر دڵی خۆم قسەم بۆ کردو ئیدی رۆیشت و چەند رۆژ دواتر وەك بیستمانەوە ویستبووی لەمبەری شەقامەکەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەر، ئۆتۆمبیلێك کە دواتر دەرکەوت شۆفێرەکەی سەرخۆشبووە، لێیداو کوشتی.

دەزانی ئیدی من دوای ئەو کچە تەنیا کەوتم و هاوڕێیەکم نەما.

شەرمدەکەم و دڵخۆشیشم کە سنوورمان نەماو جانتاکەت هەڵگرت .

ببوورە کاتی خۆتت دا بە من، ئاخر من پێویستم بە کەسێکە کاتی خۆیم بداتێ، کەسێك لێم بگات و لەکاتی قسەکردنمدا سەیری چاوەکانم بکا، نەوەك بێزاربێت و چاوی بەملاوبەولادا بگەڕێت.

من نازانم چۆن سەرەتاکانم دەستپێبکەم، چۆن چۆنیش کۆتایی بە حیکایەتەکانی خۆم بهێنم، بەڵام دەزانم ئەی هاوڕێیم.. کە پاش چەند چرکەیەکی دیکە لە خەیاڵی تۆشدا دەبمە تۆز، دەبمە غوبار.